# هەڵوێستەیەک لەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لە ڕۆژئاوا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**موحەممەد ساڵح المنجد**

**پێداچونەوەی: عبدالسلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# وقفة حول منظمات حقوق الإنسان في الغرب

« باللغة الكردية »

محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# هەڵوێستەیەک لەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لە ڕۆژئاوا

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم مەسئەلەیە و بەراوورکردنی بە دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام و ئەحکام و یاسا وڕێساکان دەبێت لە دوو تەوەرەوە لێی بدوێین :

تەوەرەی یەکەم: ئامانجی ئەو ڕیکخروانە و مەبەستە شاراوەکانیان.

تەوەرەی دووەمیش : هەڵسەنگاندنی هەندێك لە دەقی مادەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ وبەراوردکردنیان لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیدا.

**تەوەرەی یەکەم** : پێویستە مرۆڤی موسڵمان بەقسەی زرق وبریقی ئەو ڕێکخراوە ڕۆژئاوایی و ئەوروپیانە هەڵنەخەڵەتێت کە ناوی خۆیان ناوە ڕێکخراوەکانی (مافی مرۆڤ) ئەو ڕێکخراوانە

هەرچەند لەڕواڵەتدا وادەردەخەن کە یارمەتی گەلانی ژێردەستە و لێقەوماو دەدەن و دژ بە سزادانی ناو زیندان وگرتووخانەکان دەوەستنەوە، وهەوڵدەدەن بۆ گەڕانەوەی ڕێز وبەهای مرۆڤایەتی، بەڵام لەناوەڕکدا ئەو ڕێکخراوانە کاری تریان هەیە، لەسۆنگەی چەند بنەمایەکەوە کارەکانیان دادەڕێژن کە ئامانج لێیان هەڵوەشاندنەوەی خێزان وبنەما و بەهاکانییەتی، و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە تانە لە بیروباوەڕی ئیسلامی و پێغەمبەرەکەی بدەن (درودی خوای لەسەر بێت)، نەك هەر هێندە بەڵکو دەیانەوێت ئیسلام وبەرنامەکەی هیچ ڕۆلی کاریگەریان نەبێت لەسەر داڕشتنی ژیانی ڕۆژانە، و زۆر بەتوندی دژی جێ بەجێکردن و بەیاساکردنی سزاکانی دزی و زینا و کەسی پاشگەزبووەوە لەدین دەوەستنەوە لە وولاتە ئیسلامیەکاندا، وەك جێ بەجێکردنیش زۆر بەرەنگاری هەر حوکمێکی تایبەت بە ئافرەتان دەبنەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی پێ کردبێت، وەك ڕەزامەندی وەلی ئەمر لەسەر شووکردنی ئافرەت، یان فەرمان پێ کردنی بە بالاپۆشی، ئەم ڕێکخراوانە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن تێکەلاوی لەنێوان پیاوان وژناندا دروست

بکەن، نەك هەر هێندە بەڵکو هەموو ڕێکارێك دەگرنە بەر لە پێناو ڕووتکردنەوەی ئافرەتان لەژێر بانگەشەی ئازادی ومافی مرۆڤدا، کار گەشتوەتە ئەوەی ئێستا ئافرەتان وەك کاڵایەکی قێزەونی لێهاتووە بەدەستیانەوە، وکردویانەتە ئامرازی ڕەواجدان بۆ زیاتر پڕفرۆشکردنی بابەتەکانی جوانکاری وەك صابون و شامپۆ وجلوبەرگ وپۆشاك وهتد ... بگرە لەهەندێك وولاتی ئەوروپیدا ئافرەتان خزێنراونەتە ناو پێشانگاکانەوە وەك هەموو کاڵایەکی تر دەفرشرێن، بە کورتی ئەم ڕێکخراوانە دەیانەوێت هەروەك چۆن کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و ئەوروپییەکان دووچاری دارمانی لایەنە ئەخلاقیەکانیان بوون، بەو شێوەیەش کۆمەڵگەی وولاتانی ئیسلامیش دووچاری ئەو دەردە کوشندەیە بکەن و لەم بوارەشدا هەنگاوی زۆر گەورە و خراپیان ناوە و لە بیست ساڵی ڕابردوودا زۆر بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، بەتایبەتی لەرێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندیانەوە، بە کورتی ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە داوای دەکەن و بۆی دەکۆشن ئەوەیە : مرۆڤ چی دەوێت و حەزو ئارەزووی لەچیە بیکات بێ هیچ کۆت وبەند و ڕێگرێك نەبێت لەبەردەمیدا لە گێڕانەوەی حەزوئارەزووەکانی،

وەك ئەوەی ئەگەر كوڕێك حەزی لە لادانی ئەخلاقی بوو شوو بكات بە هاوڕەگەزێكی خۆی، یان ئافرەتێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێكی تردا بكات، یان ئازادی ڕەهای بێ قەید وشەرتی بۆ فەراهەم بهێنێت و ئەگەر پاشگەزبوویەوە لە دینەكەشی كەسێك لەگوڵێك كاڵتری پێ نەڵێت، وە بە ناوی ئازادیەوە ئەگەر جوێن وسوكایەتی كرد بە پیرۆزەیەكانی ئیسلامیش ڕووبەڕوی دادگا و لێپرسینەوە نەكرێت، وەك ئەوەی حاڵی حازر لەهەندێك لەووڵاتە ئیسلامیەكاندا ئاساییان كردوەتەوە لە بیرو هزری خەڵكیدا، وە بە ئاشكرا وبێ پێچ و پەنا هەوڵدەدەن ئافرەتان لەژێر كۆنترۆلی مێرد وباوك وبرایاندا دەربهێنن .

**تەوەرەی دووەم** : شیكردنەوەی هەندێك لەمادە وبڕگەكانی جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ : ئەمەش هەندێك لەو مادانەیە كە جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ لە بەرواری ١٩٤٨/١٢/١، دانی پێداناوەوە و بڕیاری لەسەر داوە .

لە مادەی دووەمدا دەڵێت : « لكل إنسان حق التمتع بجميع الحقوق والحريات المذكورة في هذا الإعلان، دونما تمييز من أي نوع، ولا سيما التمييز

بسبب العنصر ، أو اللون ، أو الجنس ، أو اللغة ، أو الدين ، أو الرأي ، سياسيّاً ، وغير سياسي ، أو الأصل الوطني ، أو الاجتماعي ، أو الثروة ، أو المولد ، أو أي وضع آخر » واتا : هەر کەس دەتوانێ بۆ هیچ جیاوازیدانانێك بەتايبەتی لە باری رەگەز، رەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕايەكی دیكەوە، هەروەها بۆ لەبەرچاو گرتنی رەچەڵەكی نەتەوەیی یا كۆمەڵایەتی، دارایی‌و سامان، چۆنیەتیی لە دایكبوون یا هەر بارودۆخێكی دیكەوە، هەموو ئەو مافو ئازادییانەی هەبێت كە لەو بەياننامەيەدا هاتوون.

لە مادەی هەژدەیەمیشدا دەڵێت : « لكل شخص حق في حرية الفكر ، والوجدان ، والدين ، ويشمل هذا الحق : حريته في تغيير دينه ، أو معتقده ، وحريته في إظهار دينه ، أو معتقده ، بالتعبد ، وإقامة الشعائر ، والممارسة ، والتعليم ، بمفرده ، أو مع جماعة ، وأمام الملأ ، أو على حدة » واتا : هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە ئازادیی بیركردنەوە، لە ویژدان‌و دینی هەبێت، ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یا بیرو باوەڕ

و هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنیبیروڕا لە چوارچێوەی فێر کردنی ئایینی، بە جێهێنانی ڕێوشوێنەکانو بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینییەکاندا چ بە شێوەی تەنیا یا بە کۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یا گشتیی هەیە .

لە مادەی نۆزدەهەمیشدا دەڵێت : « لكل شخص حق التمتع بحرية الرأي والتعبير ، ويشمل هذا الحق : حريته في اعتناق الآراء دون مضايقة ، وفى التماس الأنباء ، والأفكار ، وتلقيها ، ونقلها إلى الآخرين ، بأية وسيلة ، ودونما اعتبار للحدود » واتا : هەر کەس مافی ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕای هەیە و ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوە کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە وەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاو گرتنی تێبینییە سنوورییەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە رابگات.

ئەو ماف و ئازادییانەی کە بە گومانی خۆیان ناویان لێ ناوون ئازادی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان مومارەسەی بکەن بە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن ئەو کەسە چی ئاینێکی هەیە، وا دەکات کەسێکی یەکخواپەرستی دیندار و کەسێکی هاوبەشدانەری بت پەرست، لەیەك تای تەرازوودا حسابیان بۆ بکرێت و یەکسان بن لە ماف وئازادییەکاندا، وا دەکات ئەو کەسەی کە خوایەکی تاك و تەنهای وەك ( اللە ) دەپەرستێت وەك کەسێکی شەیتان پەرست حسابی بۆ بکرێت و لەو جارنامەیەدا بەیەکەوە و لەیەك (سیاق) دا باسکراون بەبێ جیاوازی، هەر ئەم جارنامەیە زامنی ئەو کەسەیە کە بەردێك یان بتێك یان کەسێك دەپەرستێت و هەموو ماف وئازادییەکی پێدراوە کە کوفر و ئیلحادی خۆی بکات و برەویشی پێ بدات، دیارە ئەمەش لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا لە دونیا و دوا ڕۆژیشدا جێگای قبوڵ و ڕەزامەندی خوای گەورە ومیهرەبان نییە، وەك فەرموویەتی : ﴿ أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ * مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾ [ سورەتی القلم : ٣٥ ] واتا : ئایا ئێوە

موسڵمانان و کەسانی بێباوەڕ و تاوانبار وەك یەك دادەنێن *
باشە چۆن دەتوانن حوکمێکی لەو شێوەیە بدەن .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ ﴾ [سورەتی ص : ٢٨] واتا : ئایا ئێمە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەی باشیان کردوە وەك ئەو کەسانەیان دانێین کە خراپەکارن لە زەویدا، یان ئایا ئێمە کەسانی خواناس ولەخواترس وەك فاجر وخراپەکاران حساب بۆ بکەین ؟

هەروەها لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : ﴿ أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِناً كَمَنْ كَانَ فَاسِقاً لا يَسْتَوُونَ ﴾ [سورەتی السجدة : ١٨] واتا : ئایا ئەو کەسەی باوەڕدارە وەك ئەو کەسە وایە کە فاسق و لەسنوور دەرچووە؟ بێگومان وەك یەك نین .

ئەوەی لەو جاڕنامەیەدا هاتووە و ئاماژەمان پێدا بانگەشە کردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئەو کەسانەی کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام پەشیمان دەبنەوە دینی خۆیان دەگۆڕن، وە

بەهەمان شێوە بانگەشەیە بۆ ئاشکراکردنی کوفر و بێباوەڕ و ئیلحاد، وە بانگەشەیە بۆ کردنەوەی دەرگا بە ڕووی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەن و بەناوی ئازادی بیروڕاوە تانە لە بنەما و پیرۆزیەکانی بدەن، یان جنێو وسووکایەتی بە خوا و پێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفی (صلی اللە علیە وسلم) بدەن، بە کورتی هەموو کەس ئازادە چۆن وبە چ شێوەیەك دەیەوێت سوکایەتی و تانە لە ئیسلام بدات بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك بۆی هەبێت ڕووبەرووی یاسا و دادگای بکاتەوە، دیارە ئەم بنەمایانەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد هەمووی جێگای قبوڵ و ڕەزامەندی نییە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەرچەند لەگەڵ کۆمەڵگە و بنەما ئاینیەکانی خۆیاندا پێك بێنەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاین وکۆمەڵگەی ئێمەدا یەك ناگرنەوە و پێك نایەنەوە، چونکە ئاشکرایە شەریعەتی ئیسلام بە کۆمەڵە ئەحکام و بەها و بنەمایەکی زۆر جوانەوە هاتووە کە شایستەی ئەوەیە هەموو کۆمەڵگەکان بیکەن بە دەستوور و یاسای خۆیان، بکرێن بە بنەمای دامەزراندنی

کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرە و یەکگرتوو، چونکە ئیسلام عەقڵی مرۆڤەکان دەپارێزێت لە لادان و بیری بۆگەن و خراپ، شەرەف و ناموسی خێزان دەپارێزێت لەدەست درێژی کەسانی نەفس نزم و چاوبرسی، جەستە و لاشە دەپارێزێت لە تیاچوون و کووشتن وبڕین، ماڵوسەروەت وسامان دەپارێزیت لە دزی و تاڵانی و بەهەدەردان، بە کورتی ڕێنومای خەڵکی دەکات بۆ ئەو ئاین و دینەی کە خوای گەورە ومیهرەبان پێی ڕازیە و پێی خۆشە.

لەمادەی سێهەمیشدا دەڵێت: « لكل فرد حق في الحياة والحرية وفى الأمان على شخصه » واتا: هەر مرۆڤێك مافی ژیان، ئازادی و ئەمنییەتی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەگەر بە ووردی سەرنجێك لەم مادەیە بدەین بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕێکخراوانە لە سۆنگەی ئەم مادەیەوە دەستیان کرد بە بانگەشەی هەڵگرتنی سزای ئیعدام لەسەر ئەو تاوانبارانەی کە شایستەی ئیعدام کردنن، بۆ نمونە ئەو کەسەی بە دەست ئەنقەست کەسێکی بێ تاوانی تری کوشت لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەم کەسە ئەگەر هاتوو کەسوکاری

کوژراوەکە عەفویان نەکرد دەبێت بکوژرێتەوە، بەڵام ئەم ڕێکخراوانە بەناوی مافی مرۆڤەوە دەیانەوێت شیرازەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان تێك بدەن و یاسای جەنگەڵ جێ بەجێ بکەن، بەوەی بەهێزەکان لاواز وبێ دەسەڵاتەکان بکوژن و کەسێکیش نەبێت پێیان بڵێت هەڵەتان کردو دەبێت سزای خۆتان وەربگرن.

یان دەیانەوێت لەژێر پەردەی ئەم بڕگەیەدا سزا وحەددە شەریعەیکان پەك بخەن، وەك سزا و حەددەکانی داوێن پیسێك کە شووی کردبێت یان ژنی هێنابێت، دیارە لەشەریعەتی ئیسلامدا دەبێت بکوژرێن، یان سزای چەتە و ڕێگر و ئەو کەسانەی ئەمن وئاسایشی وولات تێك دەدەن و فەساد وخراپەکاری بڵاو دەکەنەوە، ئەم ڕێکخراوانە شانازی بەوەوە دەکەن تا ئێستا قەناعەتیان کردووە بە زۆرێك لەوولاتان کە سزای ئیعدام لە دژی بکوژان و خراپەکاران و داگیرکەران لە یاسای وولاتەکانیاندا هەڵبگرن وئیلغای بکەنەوە، گومانی تێدا نییە ئەم جۆرە کارانە دژی لۆژیك و شەرع و فیطرەتی سەلیمی هەمووو مرۆڤێکە، چونکە خۆی لەخۆیدا کاری ئەم ڕێکخراوانە پەیامێکە بۆ بکوژان و

خراپەکاران بەوەی ترسی ئەوەتان نەبێت لە گیان و ژیانتان ودڵنیایان دەکاتەوە لەوەی کە گیانیان پارێزراو دەبێت، بێگومان ئەمەش خۆی بۆخۆی جۆرێکە لە بڵاوکردنەوەی فەساد و خراپەکاری لە زەویدا، چونکە ئەگەر هاتوو بکوژ و تاوانباران ترسی ئەوەیان نەبوو سزای شەرعی خۆیان وەردەگرن ئەوەی پێیان خۆش بێت لە تاوان و خراپەکاری و فەساد لەسەر زەویدا ئەنجامی دەدەن .

ئەو ڕێکخراوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا مافی ژیان و ئازادی خۆیان هەبێت، ئەمە چی ماف و چی ئازادییەکە کە لەسەر حسابی کەسانی بێ دەرەتانی تر بێت، تەنانەت ئیسلام ڕێزی لە ژیانی ئاژەڵانیش ناوە چی جای بگات بە ژیانی بەڕێزترین دروستکراوی خوای گەورە کە مرۆڤە، ئەو ئازادییەی ببێت بەهۆی خراپە و فەساد لەسەر زەوی وتێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و خێزان دەبێت ڕێگری لی بکرێت، و پابەند بکرێت بە یاسا وڕێساکانی شەرعەوە، نەك بە شێوەیەکی ڕەها و بێ قەید و کۆت بێت، هەرکەس هەرچی وویست لەژێر پەردەی

ئازادییدا ئەنجامی بدات و پاشان کەسیش لە گوڵێك کاڵتری پێ نەڵێت.

لەمادەی شازدەهەمیشدا هاتووە : « للرجل والمرأة متى أدركا سن البلوغ حق التزوج ، وتأسيس أسرة ، دون أي قيد بسبب العرق ، أو الجنسية ، أو الدين ، وهما يتساويان في الحقوق لدى التزوج ، وخلال قيام الزواج ، ولدى انحلاله » واتا : هەر ژن و پیاوێك کە گەیشتنە تەمەنی خۆناسین (بالغ بوون) ، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاو گرتنی هیچ سنوورێك لە باری رەگەز، نەتەوایەتی یا ئایینەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێك بێنن، لە تەواوی ماوەی ژنو مێردایەتیو هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژنو پیاو لە کاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەشدا مافی بەرامبەریان هەیە.

ئەم مادەیە رێك پڕاوپڕ هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی باوك وبرا و وەلی ئەمرە بەسەر ئافرەتاندا، چونکە وەلی ئەمر مافی ئەوەی هەیە پاش ڕازی بوونی بە دین ورەوشت و ئەخلاقی

ئەو کەسەی دێتە داوای کچەکەی یان خوشکەکەی، لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا ڕەزامەندی دەرببڕێت لەسەر پڕۆسەی هاوسەرگیری نێوانیان، واتا : دەبێت پڕۆسەکە پڕۆسەیەکی ڕاوێژ و پرس وڕابێت لەنێوان وەلی ئەمر و ئافرەتەکەدا، نەك وەك ئەم مادەیە دەڵێت: ئافرەت ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیدا ئەگەر کەسێکی دینداریش نەبێت، تەنانەت ئەگەر کەسێکی گاور یان جولەکەش بێت مادام خۆی پێی ڕازیە دەتوانێت بە بێ پرسی وەلی ئەمرەکەشی شووی پێ بکات، بۆیە دەبینین یەکێك لە حیکمەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە لە پڕۆسەی بەشوودان‌دا دەبێت وەلی ئەمر ڕازی بێت، ئەگەر ئەمە نەبوایە و شووکردن تەنها بەدەست ئافرەتان بوایە بەدوور لە ڕەزامەندی باوك یان برا یان وەلی ئەمرەکەی، ئەو کات بۆت دەردەکەوێت زۆربەی زۆری ئافرەتان ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە گورگی برسین و لە پێستی مەڕدا وخۆیان مەلاس داوە و بەقسەی ساف ولوس هەڵیان دەخەڵەتێنن، پاشانیش وەك دەبینین ئەنجامەکەی پێش زەواج بە ئابڕوو بردنی ئەو ئافرەتە داماوە دوایی دێت، یان بە تەلاقدان پاش زەواجەکەیان.

یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی ئەم جاڕنامەیە دەکرێت ئەوەیە مافی تەڵاقی داوەتە دەست ژنانیش هەروەك چۆن بەدەست پیاوانە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشتی ژنان بەرامبەر بە پیاوەکانیان، شیرازەی خێزان دەشێوێنت، هەرکەس شارەزای سروشتی پیاوان وئافرەتان بێت تێدەگات کە نابێت خێزان بەو شێوەیە بکرێتە گاڵتەجاڕی دەستی هەندێ کەسی نەزان وبەدفەڕ، چونکە ئەو ماڵ و خێزانانەی لەسەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە دروست دەبێت لە بنەمادا خۆی خێزانێکی بەختەوەر و ئاوەادن نین، ئیتر چۆن دەکرێت بڵێین سەرنج بدەن چۆن خێزانەکەیان تێکداوە، ئەو کەسەی داوای هاوسەرگیری نێوان پیاو وپیاو، یان ژن وژن دەکات، یان داوای ئەوە دەکات کە ئافرەتان ئازاد بن لەهاوڕێ گرتن لەگەڵ پیاواندا، یان داوای ئەوە دەکات تەڵاق بەدەست ژنانیش بێت، ئایا دەکرێت بزانین ئەمە چی خێزان و چ ماڵێك لەسەر ئەم بنەما هیچ وپوچ و بێ ناوەڕۆکانە دادەمەزرێت.

لە لایەکی ترەوە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئەو ڕێکخراوانە سالآنە یان بە شێوەیەکی وەرزی دەریدەکەن لەڕووی سیاسیەوە دەقۆزرێنەوە بۆ فشار خستنە سەر وولآتە ئیسلامیەکان، ئەو ولآتانەی کە تا ڕادەیەکی باش ڕەچاوی بەها و ڕەوشتە جوانەکانی ئیسلام دەکەن، یان ئەو وولآتانەی تا ڕادەیەکی یاسا و ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێدەکەن، هەر لە ژێر ئەم فشارانەیشدا هەندێك لەوولآتانی ئیسلامی حوكمی ئیعدامیان لە دەستوور و یاساکانی خۆیاندا هەڵگرتووە، وئیلغیان کردوەتەوە، بە کورتی ئەم جۆرە یاسا وڕێسایانەی ئەو ڕێکخراوانەی بەناو مافەکانی مرۆڤ داوای دەکەن بووە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلآق و جیابوونەوە لەنێوان خێزانەکاندا، تەنها چارەسەریش ئەوەیە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان دەست بەرداری یاسا وڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام نەبن، و بە قسەی زرق وبرقی ئەو بەناو پارێزەرانەی مافەکانی مرۆڤ فریوو نەخۆن، چونکە ئەوانە لە واقیعدا گورگن بەڵام لە پێست و کەوڵی مەڕدان ..

سەرچاوە: سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .